# پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی شیعەی عێراق (١٩٨٢ – ١٩٨٨)

هێرۆ ولی جوکل          پ. د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
hero.jokil@su.edu.krd          makakasur@yahoo.com

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دیارکردنی پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی کورد و شیعەیە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٢ – ١٩٨٨، بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا و کتێب و بەڵگەنامە بەردەستەکان، وێرای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ دیارترین ئەو کەسایەتییانەی ڕاستەوخۆ لەو کاتەدا لە مەیدانی سیاسی یا سەربازیدا بوونیان هەبووە. گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە پەیوەندییەکانی دوو پێکهاتەی گرنگ و سەرەکیی عێراقی خستۆتە بەر باس، بە تایبەت لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٢ – ١٩٨٨ ڕۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەرییان بینیوە لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی سیاسی تاکڕەویی حیزبی بەعس و یەکلاکردنەوەی چەندین وێستگەی جەنگی عێراق – ئێران لەو ماوەیەدا، ئەمە وێرای ئەنجامدانی گەورەترین و یەکەم کۆنگرەی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و بە ئامادەیی ئەم دوو پێکهاتەیە و بە چاودێریی وڵاتی ئێران و ئامادەیی هەردوو وڵاتی سوریا و لیبیاش.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوە لە پێشەکی و سێ باس پێک هاتووە، باسی یەکەم پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی کورد و شیعەکانی عێراق، باسی دووەم پەیوەندییە ئەمنی و سەربازیەکانی کورد و شیعە،

باسی سێیەم رۆڵی وڵاتانی هەرێمی لە بەهێز کردنی پەیوەندیەکانی کورد و شیعە.
لە ئەنجامدا دەتوانرێت بوترێت لەم قۆناغەدا سەرەتای بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە سیاسییەکانی کورد و شیعە و دەسپێکی پەیوەندییە سەربازییەکانی ئەم دوو پێکهاتەیە، ئەویش بە چاودێری و چاوساغی وڵاتی ئێران و سوریا بووە، بەمەش هەلی بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ڕەخساندبوو تا رادەیەکی باش چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن.
**وشە سەرەکییەکان:** کورد، شیعە، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی

## پێشەکی

پەیوەندییەکانی کورد و شیعە لە عێراق لە ساڵانی ١٩٨٢ – ١٩٨٨، کە بابەتی ئەم تێژینەوەیەکە، دەربارەی پەیوەندییەکانیانە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، هەڵبەت لە ڕووی مێژووییەوە گرنگی تایبەتی بۆ هەردوولا هەیە، چونکە ئەم ماوەیەی دیارکراوە، ڕەوشی سیاسی عێراق لەوپەڕی توندوتیژی و ستەمکاریی ڕژێمی حوکمرانی عێراقدا بووە، کاردانەوەی نەرێنی ڕاستەوخۆشی لەسەر ئەو دوو پێکهاتە سەرەکییە هەبووە، هاوکات کاریگەری ئەرێنیشی لەسەر دروستکردنی پەیوەندی لە نێوانیان دا هەبووە و زیاتر لە یەک نزیک بوونەوەتەوە، ئەم نزیک بوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ هاوکێشەیی ئەم دوو لایەنە یا پێکهاتەییەی عێراق، کە لە جموجۆڵ و چالاکییە سیاسی و سەربازییەکان و کۆنگرە نیشتمانییەکان ڕەنگی داوەتەوە.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیشی بە سیستمی حوکمڕانی هەبووە و کاردانەوەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراقیشی لێکەوتۆتەوە لەوەی ببوون بە بەشێک لە هەڵسوڕێنەرانی پرۆسەی سیاسی لەم ماوەیەدا.

بـــۆیە خســـــتنەڕووی ڕاســـــتییە مێژووییەکـــــان لە چوارچێـــــوەی توێژینەوەیەکدا، بە پێویستی کارنامەی ئەکادیمی خۆی دەردەخات.

ڕێبـــازی ئەم تـــوێژینەوەیە بـــریتییە لە خســـتنەڕووی زانیـــارییە مێژووییەکان و پشت بەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن، لەهەمان کاتدا بە پێی پێویستیی ڕووداوەکـان بە شـێوەیەکی شیکاری لەلایەن تـوێژەر، بەهـۆی ئەوەی هەنـدێک لە پـرس و بابەتەکـان پێویسـتی بە سـەرنجی خودی توێژەر هەیە، لەبەر هەبوونی بیروڕای جیاواز.

تـوێژینەوەکە بـۆ چەنـد باسـێک دابەش کـراوە لە باسـی یەکەم دا پەیوەندییە سیاسییەکانی کورد و شیعە، باسی دووەم تەرخانکروە بۆ پەیوەنـدییە سـەربازییەکانی کـورد و شـیعە، باسـی سـێیەمیش تـایبەت کراوە بۆ خستنەڕووی ڕۆلی ولاتـانی هەرێمی لە پەیوەندییەکانی کورد و شیعەدا.

بۆ گەیشتن بە پێویستییەکانی تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە، چەند کۆسپ و تەگەرەیەک هاتنە پێش، دیارترینیان پەیوەستە بە بوار نەبوون لەلایەن بەرپرسـان بە تـایبەت (بەرپرسـانی شـیعە) بـۆ دیـدەنی کـردن، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەوشە سیاسییەی عێراقی پێدا تێپەڕی، ڕێگرییەکی زۆری دروست کرد لەوەی بەشێکی بەڵگەنامەکان بەردەست نەکەون.

لە نووســـــینی تـــــوێژینەوەکەدا، تـــــوێژەر ســـــوودی زۆری لە بەڵگەنامەکـان، نـامەی ماسـتەر، تێـزی دکتـۆرا، سـەرچاوە کـوردی و عەرەبییەکـان، ڕۆژنامەکـان و چـاوپێکەوتن لەگەڵ سـەرکردە سیاسـی و سەربازییەکانی هەردوو پێکهاتە، لە دیـارترینی سـەرچاوەکانیش: (عەلی تەتەر نێروەیـی: بزاڤـی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی کـورد لە کوردسـتانی عێراق لە ساڵانی جەنگی عێراق – ئێران: ١٩٨٠ – ١٩٨٨)، کتێبی (رشید الخيـون، ١٠٠ عـام مـن الاسـلام السياسـي بـالعراق، ط ٢، مركز المسـبار للدراسـات والبحـوث، ٢٠١١، دبـي، الامـارات العربيـة المتحـدة)، کتێبـی

(مسعود بارزاني: بارزاني و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد: ١٩٧٥ – ١٩٩١)، (جويس ويلي: الحركة الاسلامية الشيعية في العراق) و کتێبی (باقر ياسين: قول مالا يقال عن المعارضة العراقية: واقع والاسرار).

له کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە، وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە، له هەڵە و کەموکوڕی بەدەر نییە، ئەگەرچی هەوڵی زۆر دراوە، کە تا بکرێت لە هەڵە بەدوور بێت.

## باسی یەکەم:
## پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی کورد و شیعەکانی عێراق

ساڵانی ١٩٨٢ بۆ ١٩٨٨ بەهۆی جەنگی عێراق و ئێران، پڕ بوو لە کێشمەکێشی سیاسی و سەربازی. لەو ماوەیەدا جەنگی عێراق – ئێران زیاتر قوڵتر بووەوە. جموجۆڵی چەکداریی لایەنە شیعییەکانیش پەرەی سەند، تا گەیشتە ئەوەی لایەنێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە سەرکردایەتیی خانەوادەی حەکیم بە پشت بەستن بە کۆکردنەوەی ئەو خەڵکانەی لە عێراقەوە هەڵدەهاتن بۆ ئێران (الحسيني، ٢٠١٩، ٨٢)، لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢ ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق (المجلس الاعلى للثورة الاسلامية في العراق) دامەزرا (عەلی، چاوپێکەوتن، ٩/ ٨/ ٢٠٢٢). هەڵبەت دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە هەر وا ئاسان نەبوو، بەڵکو دوای گفتوگۆیەکی زۆری لایەنە شیعییەکان بوو (العامري، ٢٠١٩، ٥٤). دیارترینی ئەو لایەنە عێراقییانەشی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقی لێ درووست بوو: پارتی بانگەوازی ئیسلامی، ڕێکخراوی کاری ئیسلامی، بزووتنەوەی موجاهیدانی عێراق (حركة مجاهدي العراق)، لە نێوان کوردانیش حیزبوڵای کوردی (حزب الله الكردي)[١].

لەلایەک (الحيدري، ٢٠١٩، ٨٨) و (بزووتنەوەی پەیوەندیی

ئیسـلامی بەشـداربوون) لەلایەکـی تـر (محەمەدئەمـین، ٢٠١٤، ٢١٨). ئەنجـوومەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی لە عێـراق لە بەیاننـامەی دامەزرانـدن و یەکەم کـۆنگرەی دا هەڵوێسـتی بەرامـبەر بە کـورد دەردەبڕێت و باس لە بێبەشی و مەینەتییەکانی گەلی کورد لە عێراق کـردووە و ڕایگەیانـدووە، کە ئیسـلام بە پرەنسـیپەکانی گەرەنتیـی بەدیهێنـانی کەرامەت و سـەربەخۆیی کـوردی کـردووە (تەهـا، ٢٠١٩، ٣٠٧).

ساڵی ١٩٨٢، کە هاوکات بوو لەگەڵ دووەم ساڵیادی لەسێدارەدانی بـاقر سـەدر و بنـت هـودای خوشـکی، ژمـارەیەکی زۆر لە پەنـابەر و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران بەشدارییان لە کۆڕێک کـردووە، لەو کـۆڕە دا وتـاری لایەنە کوردییەکـانیش خوێنـدراوەتەوە (دەنگوباسی کوردستان، ١٩٨٢، ١).

سـاڵی ١٩٨٣ ئەنجـوومەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی لە عێـراق لە چوارچێوەی کاری سیاسی ئیسلامی شیعی ئۆپۆزسیۆن دا (الشكرجي، ٢٠١٤، ٦٠). کـۆنگرەی تاوانەکـانی سـەدام حسـین (جـرائم صـدام حسـين)ی لە تـاران بەسـت(العامري، ٢٠١٩، ٦٠). سـی و چـوار وڵات بەشـداری کـۆنگرەی تاوانەکـانی سـەدام بـوون (الحيـدري، ٢٠١٩، ٩٩). ئامانجی بنچینەیی لەو کۆنگرەیە، بریتی بـوو لە دەرخستنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس، بە تـایبەت دژی حەوزە و کوشتنی زانـا و مەرجەعەکـان (الجـوادي، ٢٠٢١، ١٧٤). لە کۆتـایی دا ئەو کـۆنگرەیە بەیـانی کۆتـایی دەرکرد و ئاماژە بە تاوانەکانی سەدام حسین کراوە بەوەی یەک لایەن نییە، بەڵکو زانست، ئاین و مرۆڤی گرتووەتەوە، مانەوەی ئەو ڕژێمە مەترسـییەکی گەورە و لەسـەر ئیسـلام و گەلـی عیراق(العـامري، ٢٠١٩، ٦٠). بەڵام هیچ سەرچاوەیەک دەست نەکەوتووە، ئاماژە بە بوونی هیچ لایەن و کەسایەتییەکی کورد بکات، وەک لە بەیانی کۆتایی کۆنگرەکەش

دا، دوور و نزیـك ئامـاژەی بە كـورد و تاوانەكـانی دەرهەق بە كـورد نەداوە. لەگەڵ ئەوەش دا، ئەرسەلان بایز ئاماژە بەوە دەكات، كە ئەوان وەكو لایەنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، بەشداری ئەم كۆنگرەیە بوونە و بەیاننامەشیان پێشكەشی سەرۆكایەتیی كۆنگرەكە كردووە سەبارەت بەو تاوانانەی ڕژێم دەرهەق بە خەڵكی كوردستان ئەنجامی دەدات. (بایز ، ٢٨-١١_٢-٢٢)

مەهـدی حەكیم لە لەنـدەن، سـاڵی ١٩٨٣ (ڕابیتەی ئەهلـو بەیـت) دامەزرا، ئەم دامەزراوەیە بـوو بە ناوەنـدێك بـۆ ڕەوەنـدی ئیسـلامی شیعی (الاسدي، ٢٠٢٠، ٢٠٩). دواتر ئەم ناوەندە بۆ كوردیش ڕۆڵی خۆی بینیوە، هەروەك بەشێك لەو بۆنە و پرسانەی، كە تایبەت بوون بە كورد، یا لانی كەم لە بۆنەكان دا هـاوخەمی و هاوسۆزی بۆ كورد دەربـڕدراوە. لە سـاڵی ١٩٨٤ یشـدا مەهـدی حەكیم ڕێكخـراوی مـافی مرۆڤـی عێراقـی (منظمـة حقـوق الانسـان العراقـي) دامەزرانـد (العـامري، ٢٠٢١، ١٥٦). ئەو ڕێكخـراوە ئامـانجی بـوو هەواڵ و ڕووداوە پێشێلكارییەكانی ڕژێمی عێراق دەرهەق بە گەلانی عێراق بڵاو بكاتەوە، هەڵبەت كوردیش لە چالاكی بەیاننامەكانی ئەو ڕێكخراوە سوودمەند بووە (الاسدي، ٢٠٢٠، ٢٠٩).

سـاڵ ١٩٨٦ سـاڵێكی گرنـگ بـوو بـۆ كـورد و شـیعە، یەكێك لەو پرسـانەی گرنگیـی ئەم سـاڵەی دەرخسـتووە، ئەنجامـدانی كـۆنگرەی سەرخستنی گەلی عێراق (مؤتمر نصرة الشعب العراقي) بوو.

لە٢٤- ٢٧ی كـانوونی یەكەمـی ١٩٨٦ كـۆنگرەكە لە تـاران بەسـترا، تەنها پارتە ئیسلامییەكان بەشدار بوون و سیكۆلارەكان جگە لە كورد دوورخرانەوە سێ حزبی كوردی عێراقی (پارتی دیموكراتی كوردستان، یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، پارتی سۆشیال دیموكراتی كوردستان)، كـۆنگرەكە لە بەیـانی كۆتـایی ئامـاژە بە مافەكـانی كـورد دەكـات لە

چوارچێوەی یەکێتیی خاکی عێراق (الخیون، ٢٠١١، ٢٤١). نوێنەری لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێرانەوە بۆ بەشداری لەو کۆنگرەیە هاتن، لە هەموو سەرکردە ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامییەکانی شیعە، لە کوردیش، ئیدریس بارزانی (بحر العلوم، ٢٠٠٧، ٧٩) و نەوشیروان موستەفا، بەشدار بوون (ئەمین، ١٩٩٩، ٢٨٨).

ئامانجی کۆنگرەکە باسی کاروباری شۆڕشی ئیسلامیی عێراقی و پیشاندانی هێزی ئیسلامییەکانی عێراق بوو (الجوادي، ٢٠٢١، ٢٦٠؛ ئەمین، ١٩٩٩، ). کۆنگرەکە چەند لێژنەیەکی لێ پێکهات، کە بریتی بوون لە لێژنەی: سەربازی، پەیوەندییەکان، دارایی، پرسی کورد و ڕاگەیاندن (الشكرجي، ٢٠١٤، ٥٩). لە کۆتایی کۆنگرەکەش دا بەیانێکی (١٧) خاڵی دەرکرا، دیارترینی ئەوەی پەیوەندیدارە بە گەلی کورد، بریتی بوو، لەوەی کار بکرێت بۆ بەدیهێنانی مافەکانی لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانی عێراق دا (جیهاد، ١٩٨٦، ٨). لەو کۆنگرەیە دا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس هەوڵی جدی بدرێت، هەوڵی ئەوەش درا ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بکرێتە تاکە جێگرەوەی ڕژێمەکەی بەعس. ئەگەرچی ڕێکخراوی کاری ئیسلامی ڕەتی کردەوە ئەو ئەنجوومەنە تاکە جێگرەوەی ڕژێم بێت (الخیون، ٢٠١١، ٢٨٤).

لە نیسانی ١٩٨٧ جەلال تاڵەبانی بانگەوازی دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکات (سمایل، ٢٠١٠، ٦٧). هەر لەو ساڵ و مانگە دا، بەرەی جود[٢] لە بەیانێکدا داوا لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەکات، کە هەرچی لە توانایان دایە، بیخەنە گەڕ بۆ ئەوەی لە دژی ئەم تاوانانە بوەستنەوە، کە ڕژێم دەرهەق بە گەلی عێراق دەیکات، بە تایبەت تاوانەکانی بە ناو ئەنفال و کیمیاییباران.

پاڵپشت بە سەرچاوەکان، توێژەر گەیشتە ئەو ڕایەی، کە لە ماوەی

١٩٨٢ – ١٩٨٧، لە ڕووی سیاسییەوە پەیوەندیی کورد و شیعە بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، چەندین دیدار و سەردان و کۆبوونەوە ئەنجام دراوە. هەروەک لەو ماوەیەدا، کەسایەتییە دیارەکانی شیعە و لایەنە شیعییەکان دید و بۆچوونیشیان بەرامبەر بە کورد قۆناخێکی تری بڕیوە، تەنانەت لای هە ندێ لە لایەنە شیعییەکان تێگەیشتنی تائیفی کاڵ دەبێتەوە.

سەبارەت بە کوردیش، ڕاشکاوانەتر و بە تێگەیشتنێکی جیاوازتر و کراوەتر لە پرسی کوردیان ڕوانیوە. هەروەک لە چاوپێکەوتنێکیدا (محەمەد مەهدی ئاسەفی ١٩٣٩ – ٢٠١٥) لەگەڵ گۆڤاری (دێرشپێگل)ی ئەلمانی، هەڵوێستی پارتی بانگەوازی ئیسلامی بەرامبەر بە کورد دەخاتە ڕوو و دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ برا کوردەکانمان باشترین پەیوەندیمان هەیە و دەخوازین ڕۆژ دوای ڕۆژ کار بۆ پەرەپێدانی بکەین"، هەر لە درێژەی قسەکانی بۆ ئەو گۆڤارە، دەڵێت: "لە ماوەی پەیوەندی و مامەڵەمان لەگەڵ برایانمان لە کورد، خۆڕاگری و ڕاستگۆیی و جددی بوون لە کار و بەها ئەخلاقییەکانمان هەست پێکردووە (وەرگیراوە لە تەها، ٢٠١٩، ٣٠٧؛ العكيدي، ٢٠٠٨، ٤٣). وێڕای ئەوەی لە ١١ی ئابی ١٩٨٦ ڕۆژنامەی (جیهاد)ی ئەو پارتە، وتارێکی بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە، گەلی کورد ئەو مافانەی بۆ دەستەبەر دەکرێت، کە ئیسلام بۆ هەر گەلێکی دیارکردووە کردووە (جیهاد، ١٩٨٨، ٣٨).

جارێکی تر ڕۆژنامەی (جیهاد)ی زمانحاڵی پارتی بانگەوازی ئیسلامی لە ٢٤ی ئابی ١٩٨٧ وتارێک لە ژێر ناوی (جێگرەوەی سیاسی و پرسی کورد و کاروبارە گشتییەکان) لە نووسینی محەمەد مەهدی ئاسەفی وتەبێژی فەرمی پارتەکە بڵاو دەکاتەوە و هەمان ئەو بابەتانە دەخاتەوە ڕوو، کە پێشتر و لە ١١ی ئابی ١٩٨٦ ئاماژەی پێدراوە و

هەر دەیخاتەوە چوارچێوەی ئەو بنەمایانەی، کە ئیسلام بۆ گەلانی دیارکردووە، لە چوارچێوەی یەکێتیی گەلی عێراق، یەکێتی خاکی عێراق و یەکێتیی سەروەریی عێراقکردووە (جهاد، ١٩٨٧، ٦). هەر لە هەمان ساڵ دا ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات، کە پارتی بانگەوازی ئیسلامی لە پەیرەو و پرۆگرامەکانی دا جەخت لەسەر بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کورد لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) دەکاتەوە (تەها، ٢٠١٩، ٣٠٧). وا دیارە خۆیان لە پارێزگای کەرکوک لاداوە، وەک هەمیشە عەرەبی عێراق لە پرسی کەرکووک بەوجۆرە مامەڵەیان کردووە، کە پارێزگایەکی کوردی نییە.

وێڕای ئەوەی لایەن و ڕێکخراوە شیعییەکان هاوسۆزییان هەبووە و دەربڕیوە، کە بۆ گەلی کورد یا کەسایەتییەکی کورد هاتبووایە پێش. بۆ نموونە: لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٨٥ و بە مەبەستی گەیاندنی پرسە و سەرەخۆشی بە هۆی کارەساتی بۆردومانی ئۆردوگای زێوە، شاندێکی ڕێکخراوی کاری ئیسلامی (منظمة العمل الأسلامی)سەردانی کوردستانیان کرد و یارمەتیی داراییشیان پێشکەشی خانەوادەی شەهیدان کرد بوو، ئەو یارمەتییە لەلایەن خودی (محەمەد تەقی مودەڕیسی)یەوە هاتبوو, کە سەرکردەی ئەم ڕێکخراوە بوو (بارزانی، ٢٠٢١، ٤٩٦). جگە لەوەش ئەو کاتەی ئیدریس بارزانی لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ کۆچی دوایی دەکات، کەسایەتییە شیعە دیارەکانی هاوخەم و بەشدار بوونە، تەنانەت وەک خاوەن ماڵ مامەڵەیان لەگەڵ پرسەی ناوبراودا کردووە. هەروەک لە ١ی شوباتی ١٩٨٧ خەڵکێکی زۆر لە کورد و عەرەب بەشداری پرسەکە دەکەن، هەریەک لە مەهدی حەکیم و محەمەد بەحرلعلوم لە دەروازەی هۆڵی ناوەندەکە پێشوازی لە خەڵکی بەشدار لە پرسەکە دەکەن (دزەیی، ٢٠٠٩، ٣٠٣). هەروەها نووسینگەی شەهید مەهدی حەکیم، لە ٥ی

شوباتی ١٩٨٧، پرسەی کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی بۆ مەسعود بارزانی و براکانی تری و خانەوادە و گەلی کورد بە گشتی دەنێرێت. ئەمە پیشانی دەدات، کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیشیان بوونی هەبووە.

سەعدی ئەحمەد پیرە ئاماژە بەوە دەکات، کە پەیوەندیی کەسایەتییەکانی شیعە لەگەڵ کورددا باش بووە، بە تایبەت ئاماژە بەوە کاتە دەکات، کە مەهدی حەکیم ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕەپانی سیاسیدا پەیوەندیشی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا باش بووە (پیرە ، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢). ئەرسەلان بایزیش ئاماژە بەوە دەکات، بەردەوام سەردانی دوولایەنە لە نێوان باقر حەکیم و جەلال تاڵەبانیدا هەبووە (بایز ، ٢١/ ٨/ ٢٠٢٢). بەڵام عەبدولموهەیمەن بارزانی پێی وایە، پەیوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بە ڕادەیەکی باش نەبووە، ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی و کورد بوون، لە لایەک و سیکۆلار بوونیش لەلایەکی تر (بارزانی، ٢١/ ٨/ ٢٠٢٢). هەروەک ئاسۆ کەریم پێی وایە پەیوەندیی لایەنە کوردییەکانی وەک یەکێتیی نیشتمانی کوردسان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەل ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق ناخۆش نەبووە، بەڵام لەبەر ناڕوونیی هەڵوێستەکانی ئەو ئەنجوومەنە لە بەرامبەر مافەکانی کورد و پرسی ئۆتۆنۆمی، پەیوەندییەکە توندوتۆڵ نەبووە (کەریم، ١٣/ ٩/ ٢٠٢٢). شوان ڕابەریش ئەندام نەبوونی کورد یا نەبوونی پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان کورد و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق دەگێڕێتەوە بۆ پرسی نەتەوەیی و ترسیان لەوەی هەمان ئەوەی بەعس ئەنجامی داوە، ئەو ئەنجوومەنە دووبارەی بکاتەوە بەرامبەر بە کورد (سیوەیلی، ٢٠٠٦، ١٥٧؛ ڕابەر، ٩/ ٩/ ٢٠٢٢).

هەر لە بابەتی هاوسۆزیی شیعەکان لەگەڵ کورد دا، عەمار حەکیم باس لە گوتەیەکی مسعود بارزانی دەکات، کە ئەو کاتەی سوپای

عێراقی نیازی هێرشی سەربازیی هەبووایە، ئەوا دەیانپرسی ئایا هێرشکەرەکان (ئەفسەر و سەربازان) شیعەن؟ ئەگەر بگوترابووایە شیعەن، ئەوا دڵمان ئارام دەبوو و ترسمان نەدەما، یا ئەوان (ئەفسەر و سەربازە شیعەکان) ئاگاداری خەڵکی ئاواییەکەیان دەکرد، کە شوێنەکانیان چۆڵ بکەن (حەکیم، ٢٣/ ١٢/ ٢٠٢١).

## باسی دووەم:
## پەیوەندییە ئەمنی و سەربازییەکانی کورد و شیعە

لەسەر ئاستی عێراق ساڵی ١٩٨٢ ساڵێکی ناخۆش و پڕ کارەسات بوو، لەم هەلومەرجە تازەیەدا چالاکییە سەربازییەکانی کورد زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرت بووەوە (دەنگوباسی کوردستان، ١٩٨٢، ٢٤). چالاکییەکانیان گەیشت بووە ناو شارەکان.

جێی ئاماژەیە هەر لە ساڵی ١٩٨٢ لە شارۆچکەی دوجەیل، کە بە پەناگە و سەرچاوەی لایەنگرەکانی پارتی بانگەوازی ئیسلامی دادەنرا (عبد المجيد، ٢٠١٥، ٢١٢). لە ٧ی تەمووزی ١٩٨٢ لە بۆسەیەکدا هەوڵی تیرۆرکردنی سەدام حسینیان دا و بە چالاکیی (بنت هودا) ناونرا (الخيون، ٢٠١١، ٢٣٤). لە بەرامبەردا ڕژێم کوشتارێکی گەورەی لەو شارۆچکەیە نایەوە ئەوەی جێی سەرنجە لە بەرامبەر ئەو کوشتارەی ڕژێمی بەعس، هیچ هەڵوێستێکی هاوسۆزیی لایەنی کوردی بەدی ناکرێت.

دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، دامەزراندنی باڵی سەربازییەکەشی بەدوا داهات، کە بە (فەیلەقی بەدر) ناونرا، ئەو باڵە سەربازییە یەکەم شێوەی هاوپەیمانیی سیاسی و سەربازی بوو، کە سەرجەم لایەنە ئیسلامییەکان لە عەرەب و کورد و تورکمان لە سونە و شیعە بەشدار بن تێیدا (الجوادي، ٢٠٢١، ٢٦٥).

وەک دیار بوو لەسەرەتادا، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق وەک بەرەیەکی کۆکەرەوەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق دەرکەوت، بەڵام وردە وردە هێزەکان لەو بەرەیە کشانەوە (عەلی، ٩/ ٨/ ٢٠٢٢). لە دواییدا ئەو ئەنجوومەنە گۆڕا بۆ پارتێکی ئیسلامیی شیعی سەربەخۆ (محەمەدئەمین، ٢٠١٤، ٢١٨). ئەنجوومەنەکە لە دوو لایەن مابووەوە، یەکەمیان بریتی بوون لە بنەماڵەی باقر حەکیم و دووەم سوود وەرگرتنی ئێران لەو سەربازانەی عێراق، کە تا کۆتاکانی ساڵی ١٩٨٢ نزیکەی (٥٠٠٠٠) بەدیلگیراوی عێراقی کەوتبوونە دەستی ئێران، مەشقی سەربازییان پێدەکەن و لە ساڵی ١٩٨٣ فەیلەقی بەدریان لێ درووست دەکەن (کرمانج، ٢٠١٧، ٣٤٦).

ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق گۆڕانکاری لە گۆڕەپانی جەنگدا دروست کرد (العامري، ٢٠١٩، ٥٤). ئەنجومەنەکە وێڕای پاڵپشتیی هێزەکەی خۆی لە ناو شاردا، یارمەتی ئەو هێز و لایەنە ئیسلامییە چەکدارانەشی دەدا، کە سەربەخۆ بوون، تەنانەت هێزە کوردییە ئیسلامییەکانیش لەو پاڵپشتییە سوودمەند دەبوون، بۆ نموونە بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان (ویلي، ٢٠١١، ١١٥). و حیزبولای کوردی، (صیاغیة، ٢٠٠٣، ١١٥). هاوکات ئەم دوو لایەنە ئەندامیش بوون لە ئەنجوومەنەکە (محەمەدئەمین، ٢٠١٤، ٢١٨).

لە ساڵی ١٩٨٣ دا هەماهەنگی کورد و شیعە هەبووە، ئەوەتا ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق هێزێکی سەربازیی تایبەت دەنێرێتە حاجی ئۆمەران، ئەو کات ئەو ناوچەیە کەوتبووە ژێر دەستی ئێرانییەکان (ویلي، ٢٠١١، ١١٥). لە ماوەی حوزەیرانی ١٩٨٣ تا کانوونی دووەمی ١٩٨٤، هێزە کوردییەکان چالاکی زۆریان ئەنجام داوە لە دژی هێزەکانی ڕژێمی بەعس (بارزانی، ٢٠٢١، ٩٣).

حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٨٣ لە هەوڵدا بوو خۆی لە یەکێتیی

نیشتیمانیی کوردستان نزیک بکاتەوە، کار گەیشتە ئەوەی لە پرسی ئۆتۆنۆمی نزیک ببنەوە، لەولاشەوە ڕژێم بارزانییەکانی دەستگیر دەکرد (الحطاب، ٢٠١٩، ١١٩). ئەو ڕژێمە ڕەوشەکەی بۆ لێدانی شیعەش قۆست بووەوە (صوت المعارضة، ١٩٨٦، ١).

لە حوزەیرانی ١٩٨٥، هەواڵی لە سێدارەدانی (٥٩٩) عێراقی بڵاوبووەوە. گوایە لە چالاکانی لایەنە ئیسلامییەکان بوونە، لە نێو ئەو لە سێدارەدراوانە خەڵکی کوردیش هەبوون (ویلي، ٢٠١١، ١١٧). هەر لە ماوەی ساڵی ١٩٨٥ بەشێک لە گوندەکانی پارێزگا کوردییەکانی چۆڵ کرد، لەوانە: کەرکوک، خانەقین و زومار هەندێک لە گوندەکانی دەوروبەری تەق تەق خەڵکی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ شوێنیان هێنا، وێڕای ئەوەی ناوی ئەو شوێنانەشی گۆڕی و بە عەرەبیکردن (الشرارة، ١٩٨٥، ١). لە ماوەی (٩) مانگ دا، زیاتر لە (٢٠٠) گوندی کوردانی وێران کردووە و سووتاندووە (الشرارة، ١٩٨٥، ٣).

کۆنگرەی سەرخستنی گەلی عێراقی، بۆ چەند ئامانجێک بەسترا و چەند بوارێکی بە هەند وەرگرت بوو. یەکێک لەو ئامانجانە بریتی بوو لە ئاشکرا کردنی تاوانەکانی ڕژێم، بە تایبەت دەرهاوێشتەکانی جەنگەکە بە سەر خەڵکی عێراق و پرۆسەکانی لە سێدارەدانی بە کۆمەڵی خانەوادەی سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە تایبەتتریش خانەوادەی موحسین حەکیم (الشرارة، ١٩٨٥، ٣).

حیزبوڵای کوردی چەندین هێرش بۆ سەر ڕژێمی بە عس ئەنجام دەدەن، لەوانە زاخۆ. زێوە، سووررداش و دۆکان (النهضة، ١٩٨٦، ص١). هەروەها لە چوارتا، سەنگاو و سیدەکان (النهضة، ١٩٨٦، ١). لە ٣١ی تشرینی یەکەمی هێرش دەکەنە سەر بنکەیەکی ڕژێم و (٣٠) سەربازی لێ دەکوژن (ڕاپەرین، ١٩٨٦، ٥).

مەهدی حەکیم لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧ لە خەرتوم تیرۆر

دەکرێت، کە بانگهێشتی کۆنگرەی ئیسلامی میلی (المؤتمر الأسلامي الشعبي) کرا بوو (الجوادي، ٢٠٢١، ٢٦٦؛ بحر العلوم، ٢٠٠٧، ٨١). ناوبراو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرزی هەبوو، لە هەمانکاتدا تایبەتمەندیی کرانەوەشی هەبوو (مجلة العراق، ١٩٩٤، ١). هەریەکە لە موحسین دزەیی و عەدنان موفتی ئاماژە بەوە دەکەن، کە وەک کورد بەشداریی پرسەی ناوبراویان کردووە لە تاران (موفتی، چاوپێکەوتن، ١٧/ ٧/ ٢٠٢٢، ئەمە وێرای ئەوەی موحسین دزەیی ئاماژە بەوە دەکات، کە لە لەندەن لە سەنتەری ئەهلوبەیت وەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریی پرسەی ناوبراویان کردووە( دزەیی، چاوپێکەوتن، ٢٤/ ١١/ ٢٠٢٢).

بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازیی گشتی سەر بە سکرتاریەتی سەرۆکایەتیی کۆماری نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە ٧٣٧١ لە ٣١ی ئاداری ١٩٨٧ ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەرکانی سووپا دەکات، تێیدا ئاماژە بە فەرمانی سەدام حسین دەکات لەوەی دیراسەی لێدانی بنکە و بارەگاکانی پاسەوانانی خومەینی (وەک ئاماژە بەو لایەنە کوردییانەی لەو کاتەدا هاوپەیمانی ئێران بوون - توێژەر) بە هێزی ئاسمانی و ڕێگەی دیکە بکرێت، لە چەندین ناوچەی کوردستان وەک: بالیسان و گوندەکانی سەر بە قەرەداخ. ئەوانیش لە وەڵامی دیراسەکە، داوای ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی کۆمار دەکەن بۆ لێدانیان لە ٦ی نیسانی ١٩٨٧ بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر، بە نووسراوی ژمارە ٣٥-٢ لە ٨ی نیسانی ١٩٨٧، ڕێنمایی و فەرمان بۆ ئەم مەبەستە دەنێرن بۆ جێبەجێکردنی. لە نووسراوێکی سەرکردایەتیی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری قوتری عێراقیی حیزبی بەعسیش ژمارە ٨/ ٣٥ لە ٨ی نیسانی ١٩٨٧، وەک ڕێشوێنێک بۆ ئارامی و سەقامگیری، باس لە ئامادەکاری ورد دەکات بۆ چۆڵکردنی (٣٠) کۆمەڵگە، ئەمەش وەک

بەرپەچدانەوەیەک بۆ ئەوانەی بە تێکدەر ناویان دەبات. لەگەڵ ئاماژەدان بە تەواوی ئەو شوێنانەی مەبەستیان بووە چۆڵی بکەن. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی عێراقی، کۆبوونەوەی لەگەڵ لیژنەی کاروباری بێ سەروشوێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٤ – ٨ی ئایاری ١٩٨٧ ئاماژەی داوە بەوەی (٨٠٠٠) بارزانی و چەندان خەڵکی تر گیراو و شوێنبزرن.

لە ٩ی نیسانی ١٩٨٧و لە دەروازەی پارێزگای مووسڵ، لە چالاکییەکی چەکداری دا، پارتی بانگەوازی ئیسلامی هێرشی کردە سەر کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سەدام و زۆرێک لە پاسەوانەکانی پێکران (الخرسان، ٢٠٠١، ١١٥). لە بەرامبەر ئەو هێرشەدا، سەدام حسین فەرمانی هێرشکردنە سەر بارەگانی پارتی بانگەوازی ئیسلامیدا لە کوردستان، لەو هێرشەدا ژمارەیەکی بەرچاو سەرباز و چەکدارانی کوردی سەر بە ڕژێمی بەعس(بە جاش ناودەبرێن) بەشدارییان کرد (الخرسان، ٢٠٠١، ١١٦). بۆ ئەمە بە ڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێر لەلایەن بەرێوەبەرایەتیی ئەمنی شەقلاوە بە نووسراوی ژمارە ٥٦٦٠ لە ٢٣ی نیسانی ١٩٨٧ ئاگادار کراوەتەوە لە شەڕێکی توندی هێزەکانی سووپای عێراق بە هاریکاریی چەکدارانی کوردی هاوپەیمانی ڕژێم، کە چەند سەعاتێکی خایاندووە و فرۆکەش بەکارهاتووە و بە زەحمەت کشاونەتەوە. لە هەمان مانگ و ساڵدا، شانەکانی سەر بە پارتی بانگەوازی ئیسلامی چالاکی و هێرشیان ئەنجام دەدا و سەدام حسینیان دەکردە ئامانج، وێڕای ئەوەش شاری سەدری شیعە نشینی پارێزگای بەغدا، لە هێزە سەربازییەکانی بەعس قەدەخە ببوو، بە هۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە ببووە شوێن و مۆڵگەی چەکدار و لایەنگرانی پارتی بانگەوازی ئیسلامی و کاریگەری زۆریان هەبوو (ئەندرسن وستاتسفیلد، ٢٠٠٨، ٢٠٧)

بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی شەقڵاوە، بە نووسراوی ژمارە (ش٣/ ١٠٩٠٨ لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧ بە نهێنی فەرمانێک ئاڕاستەی ئەفسەرانی ناوچەکانی کردووە، دەڵێت: عەلی حەسەن مەجید، ئەمینداری نهێنیی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس لە بارەگای لقی سلێمانیدا چەند ڕێنماییەک دەردەکات، وەک ئاماژە بۆ ئەوانەی بە تێکدەر ناویان دەبات، بۆیان هەیە بگەڕێنەوە بەو مەرجەی بە چەند فلتەرێکی حیزبی و ئەمنی و پەروەردەیی حیزبی بەعس تێپەڕ ببن. بەڵگەنامەیەکی تری بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیی شەقڵاوە، بە ژمارە ٤-١١٤ لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧، کە ئاڕاستەی سەرجەم لایەنە ئەمنییەکانی ناوچەکەی کردووە، گوایە جود، کە بە بەکرێگیراو ناویان دەبات، پەیامیان ئاڕاستەی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی کردووە، عێراقیان تاوانبار کردووە بەوەی هاووڵاتیان دەربەدەر دەکات و لە مافی هاووڵاتی بوون بێبەشیان دەکات، چەکی کیمیاییش لە دژی خەڵکی سڤیلی شاخ و زۆنگاوەکان بەکارهێناوە

توێژینەوەکە دوای خستنەڕووی سەرچاوەکان لە ئاماژەدان بە دیارترین ئەو وێستگانەی عێراق و ئۆپۆزسیۆنەکەی لە ڕووی ئەمنی و سەربازییەوە پێ ی دا تێپەڕیوە، هەروەها دیارترین ئەو هەڵوێست و کاری هاوبەش و پەیوەندییە ئەمنی و سەربازییانە دەخاتەڕوو، کە شیعە و کورد پێی دا تێپەڕیون. هەروەک بە پێی گێڕانەوەیەکی (عزەدین بەرواری) لە سەرەتاکانی هەشتاکان هێزێکی گەرمیان هاوڕێ لەگەل هێزێک بە سەرکردایەتیی نوری مالیکی هاتوونەتە ناوچەی بادینان، کە ئەو کاتە لە ژێر کۆنترۆلی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووە، یارمەتی دراون، ئەگەرچی ئەم هێزە ژمارەیان کەم بووە و هەروەها مەبەستیشیان زیاتر کۆکردنەوەی زانیاری سەربازی بووە نەک چالاکیی سەربازی (ڕەئوف، ١٠/ ٩/ ٢٠٢٢).

دوای ئەوەی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقی، لە ساڵی ١٩٨٣ فەیلەقی بەدری وەک باڵێکی سەربازی پێک دەهێنێت، ئەو فەیلەقە ڕۆڵێکی کارای لە کۆکردنەوەی بەشێکی بەرچاوی هێزی سەربازی و شەڕکردن شانبەشانی هێزی پێشمەرگە لە دژی ڕژێمی بەعس هەبوو. سەعدی ئەحمەد پیرە لەم بارەوە دەڵێت: "لایەنە کوردستانییەکان بەشێک نەبوون لە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق ، بەڵام ئەوان داوای کاری هاوبەشیان لەگەڵ کورددا کردووە" (پیرە، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢). هەروەها فازل ڕەئووف دەڵێت: "دوای دروست بوونی هێزی بەدر، چالاکی هاوبەش ئەنجام دەدرێت، کە تەنانەت ئێرانیش بەشدار بووە، وێڕای ئەوەی بە چەک و ئازووقەشەوە پاڵپشتیی ئەو هێزانەی کردووە (ڕەئوف، ١٠/ ٩/ ٢٠٢٢).

بەشێک لە چاودێران و پێشمەرگە و بەرپرسانی سیاسی و سەربازی ئەو کاتە ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەگەر پەیوەندیش هەبوو بێت، ئەوا کەم بووە یا لە ناوچەکانی سنووری کوردستان نەبووە، هەروەک عەدنان موفتی دەڵێت: " شیعەکان سەردانییان هەبووە و هەندێک جار ماونەتەوە"، باس لەوەش دەکات، کە " لەو ماوەی جەنگی عێراق – ئێراندا، هیچ چالاکییەکی هاوبەشی ئەوتۆ لە نێوان کورد و هێزە شیعەکاندا نەبووە، کە جێگەی باسکردن بێت، بەڵکو ئەوان زیاتر ئێرانیان بەلاوە گرنگ بوو، وێڕای ئەوەی ناوچەکانی کوردستان بەلای ئەوانەوە دوور بووە بەشێک نەبووە لەو شوێنانەی کە پێویستە تێیدا بن (موفتی، ١٧/ ٧/ ٢٠٢٢). هەروەک مەسعود عەبدولخالق نووسەر و توێژەری مێژوویی ئاماژە بەوە دەکات، کە چالاکیی سەربازیی شیعەکان لەو ماوەیەدا زیاتر لە باشووری عێراق بووە (عەبدولخالق، ٣/ ٩/ ٢٠٢٢). لەگەڵ ئەوەشدا، بە شێوەی ڕەمزی بوونیان هەبووە و هەندێکجار چەکی سووکیشیان بە کورد داوە" (موفتی، ١٧/ ٧/ ٢٠٢٢).

بەشێکی تر لەو لایەن و کەسایەتییانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی بەردەستن، ئاماژە بەوە دەکەن، کە پەیوەندی و تەنانەت پاڵپشتیش بوونی هەبووە (موفتی، ١٧/ ٧/ ٢٠٢٢). ئەوەتا لە بەیانێکی نووسینگەی کاروباری کوردانی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق هاتووە، حیزبوڵای کوردی، چەند هێرشێک لە ناوچەی قەرەداخ و شارەزوور و چەند چالاکییەکی دیکەی سەربازی ئەنجام دەدات. هەر لەو بەیانەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بە هاریکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هێزە کوردییەکان پڕچەک دەکات و بە هەماهەنگی سەربازگەیەک دادەمەزرێنن. شوان ڕابەر دەڵێت: "هەندێک جار پارتی بانگەوازی ئیسلامی و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بە هاریکاری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی هاتوونەتە ناوچەکانی کوردستان و کاری هاوبەشی سەربازی و لۆجەستیش بوونی هەبووە (ڕابەر، ٩/ ٩/ ٢٠٢٢).

ئیدریس بارزانی لە چاوپێکەوتنێکیدا زیاتر دووپاتی ڕای دووەم دەکاتەوە و دەڵێت: "پێش درووست بوونی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق لەگەڵ چەندین لایەن و بزاڤی ئیسلامیدا هاوکاریمان هەبووە" لەوەش زیاتر دەڵێت: "پاش درووست بوونی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق لە ساڵی ١٩٨٢، پەیامێکمان بۆ باقر حەکیم ناردووە و تێیدا پشتگیریی و ئامادەیی خۆیان بۆ ئەو ئەنجوومەنە دەربڕیوە و بە پێویستیان زانیوە، کە خەباتی هەموو گەلی عێراقی یەک بخرێت لە دژی ڕژێمی بەعس، ئەگەر هەموو یەک نەبن و هاریکاری یەکتر نەبن، ناتوانن ئەنجامێکی باش و پێویست بە دەست بهێنن (وەرگیراوە لە محمد، ٢٠١٧، ٣١٩).جگە لەوەی ئاماژە بەوەش

دەکرێت، کە لیوای شەهید سەدر، گەورەترین بوونی سەربازیی ئیسلامی بوو لە عێراق، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ – ١٩٨٣ دا نزیکی (٧٠٠٠) هاووڵاتیی عێراقی چەکدار بکات و لە سەربازگەیەک بە ناوی شەهید سەدر فێری هونەری جەنگییان بکات، ئەو هێزە لە بەشێکی ناوچەکانی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی لایەنە کوردییەکان بووە بوونیان هەبووە (المؤمن، ٢٠٠٤، ٤٣٠).

وێڕای هاوسەنگەری لایەنە شیعییەکان، لە ڕووی میدیاییشەوە کار و چالاکییەکانی یەکتریان بڵاو کردووەتەوە، هەروەک ڕێکخراوی کاری ئیسلامی لە بڵاوکراوەکانیدا هەواڵی چالاکیە چەکدارییەکانی کوردی بڵاو کردووەتەوە. جگە لەوەش لە کاتی شەڕدا ئاڵوگۆڕی چەکی سووک و گولە لە نێوان هەردوو هێزی کورد و شیعەدا هەبووە (پیرە، چاوپێکەوتن، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢). بەشێک لە خەڵکی پەیوەندیدار بەم بابەتە، ئەو پەیوەندییەی نێوان کورد و شیعە، بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە کورد و شیعە دوژمنی هاوبەشیان هەبووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پەیوەندییان هەبووە (بارزانی، ٢١/ ٨/ ٢٠٢٢).

بەڵگەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ڕژێمیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە پارتی بانگەوازی ئیسلامی لە بەشێکی ناوچەکانی سەر بە کوردستان بوونی هەبووە و خەریکی ئەنجامدانی کار و چالاکی بوونە. هەروەک لە ژمارە ش٣/ ٣٣ لە ١٩ی شوباتی ١٩٨٦، بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی کەرکوک زانیاری بۆ سەرووی خۆی دەنێرێت و ئاماژە دەکات بەوەی پارتی بانگەوازی ئیسلامی، بۆ ئەنجامدانی چالاکی چەکداری، لە بەرنامەی دایە (٣٠٠) چەکداری خۆی بنێرێت بۆ ناوچەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکوک. سەرچاوەکانیش پشتڕاستی ئەو زانیارییانەی ئەمنی ڕژێم دەکەنەوە و ئاماژە بەوە دەکەن، کە پارتی بانگەوازی ئیسلامی لە ژێر ناوی هێزی شەهید سەدر لە ناوچەکانی کوردستان

هێرشی چەکدارییان دەکردە سەر ڕەبایە و ئامانجەکانیان لە شارە نزیکەکان، هەندێ لەو چالاکییانە بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجام دەدران (الخرسان، ٢٠٠١، ١١٦). ئەو پارتە لە ناوچەی زێباری سەر بە پارێزگای دهۆکیش بنکەیەکیان هەبوو ئامانجیان دهۆک و مووسڵ بوو، کە هەندێک جار هەر لە ئەوێوە خۆیان خزاندۆتە بەغداش (الخرسان، ٢٠٠١، ١١٣)

لە ساڵی ١٩٨٧ هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان لە ئاشتەوایی بەردەوام دەبن، لەو ساڵەدا چەندین چالاکی سەربازی گەورە و فراوان دژ بە ڕژێم ئەنجام دەدەن، تەنانەت وا بڕیار بوو ئەمساڵە بکرێتە ساڵی دەستوەشاندنی کاریگەر لە ڕژێم و شەڕی گەورەی لەگەڵدا بکرێت (سەنگاوی، ٢٠٠٥، ٢٠٠). ڕژێمیش هەر ئەو ساڵە دوو هێرشی گەورەی بۆ ناوچەکانی کوردستان ئەنجام دا (صديق، ٢٠١٧، ١٩٥). لەو شەڕانەدا پارتی بانگەوازی ئیسلامیی و هەندێ لە چەکدارانی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقیش هاوتا لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە جەنگدا بوون (سەنگاوی، ٢٠٠٥، ٢٠٠). بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازیی گشتی، لە نووسراوێکی نهێنی ئاراستەی سکرتاریەتی سەرۆکایەتیی کۆماری، کە لە وەڵامی نووسراویان ژمارە (٧/ د٢/ ٨٨٧/ ک لە ١٩ی ئاداری ١٩٨٧، دووپاتی ئەمە دەکاتەوە و دەڵێت: "دوای دیراسەی ناوچەکانی کوردستان، دەرکەوتووە بەکرێگیراوانی ئێران لە دۆڵی بالیسان و دۆڵی قەرەداخدا بوونیان هەیە".

هەر دوای ئەو بەیەکدادانەی نێوان ڕژێم و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بەهۆی ئەو شکستەی هێزەکانی سەر بە ڕژێمی بەعس بەریان کەوت، هاوپەیمانە کوردەکانی سەر بەو ڕژێمە ژمارەیەک گوند تاڵان دەکەن و دەیسووتێنن (بارزانی، ٢٠٢١، ٦٩).

لە ١٧ی شوباتی ١٩٨٧ هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە و

ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنییەوە گەیشتنە نزیک پارێزگای سەلاحەدین و ترسێکی گەورەیان خستە دڵی حکومەت (نێروەیــی، ٢٠٠٨، ٤٥٥). لە هەواڵێکــی ڕۆژی ١٠ی ئــاداری ١٩٨٧ی بەڕێــوەبەرایەتیی هەواڵگریــی گشــتیی ســووپادا هــاتووە، ڕاپۆرتێــک ئاڕاستەی سـەرۆکایەتیی ئەرکانی سـووپا کراوە. کە چەندین زانیـاری دراوە لەســـەر ئەوەی هێزەکـــانی (پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان) و حیزبوڵای کوردی و پارتی بانگەوازی ئیسلامیی و چەندین چەکداری سەر بە سووپای پاسداران بینراون و بەرپرسیاری ئەو هێرشانەن، کە لە باکووری پارێزگای هەولێر کراونەتە سەر سووپای عێراقی(نێروەیی، ٢٠٠٨، ٤٥٦).

ڕژێم لە شـەڕیدا لەگەڵ ئێران، تەرکیزی زیاتر لەسـەر ناوچەکانی زۆنگاوەکان بووە، بۆیە کەمتر لە ناوچە کوردستانییەکان دەیهێشتەوە یا دەیکشاندنەوە. ئەمە پیشانی دەدات، کە بۆ ڕاگرتن و هاوسـەنگیی شـەڕ هەندێک جار لێرە و لەوێ لەگەڵ بەشێک لە لایەنە چەکدارەکانی کورددا لە دانوســتاندا بــووە. هەر ئەوەش وای کــردووە، کە هێــزە چەکــدارە کوردییەکــان ســوودیان لەم هەلانە وەرگرتــووە و ســەردانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان کردووە و دووبـارە خۆیـان ڕێکخستووەتەوە. بەڵام ئێرانیش لەولاوە لە هەوڵەکانی خۆی نەکەوتووە بۆ سـوود بینین لە تواناکانی کورد و بۆ ئەوەی گۆڕەپانی شـەڕ لە زاخـۆ تـا فـاو لەگەڵ عێراقدا فراوان بکات (پیرە، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢). هەرچەنـد نـابێ ئەوە لەبیر بکرێت، کە ڕژێمی بەعس بە یەکچاو لە لایەنە کوردییەکان و شیعەشی ڕوانینەوە، ئەگەرچی دەبینین، جارناجارێک پەیوەندی و ڕێککەوتنیشی کردووە، بەڵام هەمووی بۆ گەیشتنی بووە بە ئامانجەکانی، بۆ نموونە بـۆ هەریەکە لە لایەنە سـەرەکییەکانی کـورد و شـیعەش نـاوی داتاشـی بوو بە ناپاکان و بەکرێگیراوان.

## باسی سێیەم:

## ڕۆڵی وڵاتانی هەرێمی لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی کورد و شیعە (١٩٨٢-١٩٨٨)

لە هەڵگیرسانی جەنگی عێراق – ئێران، هەڵوێستی شیعەکانی عێراق و بەشدارییان لە جەنگەکە و لایەنگیرییان بۆ ئێران لەچاو کورد بەراورد ناکرێت، هەروەک دیارە ئۆپۆزسیۆنی چەکداریی شیعە لە دژی ڕژێمەکانی عێراقدا، پێش ئەو جەنگەش بوونی هەبووە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی جەنگەکە و لە ماوەی جەنگەکەدا، ئەم دیاردەی چەکدارییەی شیعەکانی عێراق لە دژی حکومەتی عێراق زیاتر پەرەی سەند و وڵاتی ئێران ببووە ناوەندێک بۆ لەدایکبوون و گەشەی زیاتری گرووپ و ڕێکخستنەکان (کرمانج، ٢٠١٧، ٣٤٦). لەولاوە پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی، ئەم وڵاتە نەیتوانی وەک پێویست کاریگەری بەسەر لایەنە چەکدارەکانی کوردستانی عێراقدا هەبێت، کە لە ئێران و سنوورەکان نزیک بوون یا لێی دەژیان، تەنانەت ئەوە بەرچاو ناکەوێت، کە یەک خاڵیش لە پرۆگرامی لایەنە کوردستانییەکان بگۆڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێران نەگەیشت بووە ئەو ئاڕاستەیەی، کە بە هاوبەشی ستراتیژی و گوێڕایەڵی خۆیان بزانێت (نێروەیی، ٢٠٠٨، ٢٢٥). یا دەتوانین بڵێین، تازەیی شۆڕشەکەی ئێرانن نەیدەپرژاندنە سەر پرسی کورد.

ڕێوشوێنە سەرکوتکارییەکانی ڕژێم، ئۆپۆزسیۆنێکی فراوانی درووست کردبوو، لەو ئۆپۆزسیۆنە دوو هێزی سەرەکی هەڵکەوت بوون، یەکەمیان هێزە ئیسلامی و کوردییەکان، دووەمیان هێزە نائیسلامییەکان، بە زۆریش گرووپی یەکەم لە باوەشی ئێران و گرووپی دووەم لە باوەشی سوریادا بوون (بحر العلوم، ٢٠٠٧، ٨١) لەم نێوەندەدا ئەو ڕاستییەش هەیە، کە کورد تا ڕادەیەک نەک بە ڕەهایی لە نێوانی هەردوو وڵات و هەردوو جۆری ئۆپۆزسیۆندا بوون و ڕۆڵی هەبوو.

لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٣ دا، هەر یەکە لە سوریا، ئێران و لیبیا لە دیمەشق کۆبوونەوە و لە ٢٣ی ئەو مانگە دا لە بەیانێک پشتگیری خۆیان بۆ هەوڵەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس دەربڕی (علي، ٢٠١٣، ٢٧١).

لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق هێزی سەربازیی بە ناوی فەیلەقی بەدر لە ژێر سەرپەرشتیی سوپای پاسداران دامەزراند، بەشێکی لە حاجی ئۆمەران نیشتەجێ کرد (ئەندرسن وستاتسفیلد، ٢٠٠٨، ٢٠٦). بەشێکی دیکەی لە هەندێک ناوچەی سلێمانی (الحيدري، ٢٠١٩، ١٠٠)، لە نێویان، ناوچەی قەرەداغ و هەندێ ناوچەی دیکەی ژێر دەستی هێزە کوردستانییەکانی هاوپەیمانی ئێران، جێگیرکران (موفتی، ١٧/ ٧/ ٢٠٢٢).هەر ئەوەش وای کرد ئەو ناوچانە ببنە گۆڕەپانی شەڕەکەی عێراق – ئێران (کەریم، ١٣/ ٩/ ٢٠٢٢).

بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئێران لەگەڵ کورد یا بەشێکی هێزە کوردییەکان بەشداریی چەندین چالاکیی سەربازیی کردووە. لە ٢٢ی تەمووزی ١٩٨٣ هێزێکی زۆری ئێران بە هاریکاری پارتی بانگەوازی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئۆپەراسیۆنێک بە ناوی (فەجر دوو) ئەنجام دەدەن، دوای ئەوەی بەشێکی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات (ڕۆژئاوای ئێران)، کە هێزە کوردییە هاوپەیمانەکانی ڕژێمی عێراق و بە یارمەتی سوپای عێراقی کۆنترۆلیان کرد بوو، دووبارە ئێران و هاوپەیمانە کوردەکان دەستی بەسەردا دەگرنەوە (ابو غزالة، ١٩٩٤، ١٢١). بەوەش ناوەستن ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوام دەبێت و دەچێتە حاجی ئۆمەران و تا قوڵایی (٢٠) کیلۆمەتر لە ڕێگای هاملتۆن دێنە ناو خاکی عێراق (جعفري، ١٣٨٢، ٣٠). هاشمی ڕەفسنجانی لەو کاتەدا ڕایگەیاندووە، کە: "کوردستان دەکەنە دەروازەی

چوونی سووپا ئێران بۆ قولایی خاکی عێراق" (عمرون وشبابحة، ٢٠١٧، ٣٦).

هەروەک حکومەتی عێراق ئاماژەی داوە بەوەی پێشمەرگەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شەڕەدا بەشدار بوونە (نێروەیی، ٢٠٠٨، ٣١٣). بەڵام ڕاگەیاندنی پارتی لەم شەڕەدا بێدەنگ بووە و تەنانەت نکۆڵیش لەوە دەکرێت، کە پارتی بەشداریی ئەو شەڕەی کردبێت، بەڵکو وای دەبینرێ، کە ڕژێم تەنها بۆ بیانووی لەناوبردنی بارزانییەکان ئەو پرسەی وروژاندووە (نێروەیی، ٢٠٠٨، ٣١٣). لەم بارەوە مەسعود عەبدولخالق دەڵێت: "لە چیای گرمەندیل، پارتی دیموکراتی کوردستان و سوپای پاسداران و هێزەکانی سەر بە ئەنجوومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و پارتی بانگەوازی ئیسلامی و پارتی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان هێرشیان بردە سەر سوپای عێراق، عێراقیش لە بەرپەچی ئەو هێرشە سەربازییە هاوبەشە، شالاوی ئەنفالی بارزانییەکانی دەست پێکرد (عەبدولخالق، ٣/ ٩/ ٢٠٢٢).

لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٣، ئێران هێرشی (فەجر چوار)ی بە یارمەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند لایەنێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، ئەنجام دا بۆ ناوچەکانی پێنجوێن (ابو غزالة، ١٩٩٤، ١٢٩).

ئەگەر چی هەندێک لایەنی کوردی لەگەڵ ڕژێم لە هاوپەیمانی و دانوستاندا بوونە. سەعدی ئەحمەد پیرە لەم بارەوە دەڵێت: "ئەو پەیوەندییەی بەشێک یا لایەنێکی کورد سوودی هەبووە بۆ پشوودانی ناوچە کوردییەکان و گێڕانەوەی ئاوەدانی"(پیرە، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢). بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەو لایەنە کوردییانە لەگەڵ ئێرانیشدا لە پەیوەندی دابوونە و لە زۆر پرسدا چوونەتە ژێر باری داواکارییەکانی ئەو وڵاتە. ئەوەتا لە ساڵی ١٩٨٤، کۆماری ئیسلامیی ئێران داوا لە یەکێتیی

نیشتمانی کوردستان دەکات لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی هاوکاری وڵاتەکەی، بە تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیمانێک ببەستن و واز لە شەڕی یەکتر بهێنن و لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق دا ڕێککەوتن بکەن، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیش بە دەم داواکەی وڵاتی ئێران دێت و لەمە بەدوا هێزە کوردییە دیارەکان و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بە هاریکاری سوپای پاسداران دژ بە ڕژێمی بەعس دەجەنگن وڵاتی ئێران زیاتر خۆی لە ڕێگەی پارە پێدان و چەکەوە خۆی لە هێزە کوردستانییەکان نزیک دەکاتەوە (نەبەز، ٢٠٠٨، ٥٩).وڵاتی ئێران بەرژەوەندی هەبوو لە نزیک بوونەوە و ئاشتەوایی کوردەکان، چونکە دەیتوانی توانای خۆی بە یارمەتیی ئەو هێزە کوردییانە بە یەکەوە بەهێز بکات (بارزانی، ٢١/ ٨/ ٢٠٢٢).

هەر لە ساڵی ١٩٨٣، وڵاتی لیبیا وەک وڵاتێکی پاڵپشتیکاری ئۆپۆزسیۆنی عێراق، داوای لە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی کرد، ئامادەی کۆبوونەوەی تەرابلس بن (یاسین، ٢٠٠١، ٣٠).هەروەک لە ١ی حوزەیرانی ١٩٨٣، بە ناوبژیوانیی حکومەتی لیبیا، لە تەرابلس (١٩) گرووپ و لایەنی کوردستانی و عێراقی، بە مانایەکی تر سەرجەم لایەنەکانی هەردوو بەرەی (جوقد و جود)یش، بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان کۆبوونەوە، لە گرووپە شیعییەکان، ناسیۆنالیست و سیکۆلارەکان لە کورد و عەرەب، بەڵام ئەو لایەنانە، ناکۆکییەکانیان زۆر بوو، تاکە فاکتەری هاوبەشی نێوانیان، روخان و دژبوونی ڕژێمەکەی سەدام بووە (نێروەیی، ٢٠٠٨، ١٩٧).

جارێکی دیکە لە ١٥ – ١٨ی ئاداری ١٩٨٦، کۆنگرەیەک لەلایەن لیبیا بۆ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق ڕێکخرا بە ناوی کۆڵنەدانی جیهانی (المثابة العالمیة)، زیاتر لە (٣٢٠) بزووتنەوە و ڕێکخراوی

ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەشدار بوون، لە کۆنگرەکەدا سەرۆکی لیبیا موعەمەر قەزافی وتارێکی پێشکەشکرد و گرنگییەکی زۆری بە پرسی کورد دا، لەوەی مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیار بکات (بارزانی، ٢٠٢١، ٥٠٤).

کۆنگرەکەی سەرخستنی گەلی عێراق لە ٢٤ - ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦، لە ئێران و بە سەرپەرشتی ئێران بەسترا، کە بووە سەکۆیەکی فراوان بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق (الحیدري، ٢٠١٩، ٩٧). وەک خۆپێشاندانێکی نارەزاییش وابوو، کە دژی کشتوبڕی ڕژێم بەسترا (الاسدي، ٢٠٢٠، ٢١٦). ئەم کۆنگرەیە لەلایەن نووسینگەی خودی خامەنەیی چاودێری دەکرا، زۆربەی بەشدار بووان لەوانە بوون، کە سەر بە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بوون (کۆچیرا، ٢٠١٣، ١٠٨). هێزە کوردییە بەشدارەکانیش بریتی بوون لە: پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ئیدریس بارزانی، یەکێتیی نیشتمانی کوردسان بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا، حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان بە سەرۆکایەتیی (ڕەسول مامەند)، (ئەمین، ١٩٩٩، ٢٨٨).

ئێران ئەو کۆنگرەیەی بەلاوە گرنگ و گەورە بووە، بۆیە لە ڕۆژنامەکانی سەر بە خۆی ئاماژەی پێدراوە و ئاماژەیان بەوە دا، ئامانج لێی زیاد کردنی خەباتە لە دژی ڕژێم (کیهان العربي، ١٩٨٦، ١). هەروەها ئامانجی بوو ئەو کۆنگرەیە بکاتە سەرچاوەی کۆکردنەوە و لە باوەشگرتنی کۆی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لە هەموو تەیار و ئاراستە و بۆچوونێک، بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆی وەک فشاریش لە دژی ڕژێمی بەعس بەکاریان بهێنێت (عەلی، ٩/ ٨/ ٢٠٢٢). جگە لەوەش ئامانجی بوو، پیشانی جیهانی بدات، کە ئەو کارتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەست دایە، نەبوونی بەرنامەیەکی ڕوون و یەکگرتووش

لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، زیاتر ئەو تێگەیشتنەی ئێرانی ئاسان کرد بوو کردووە (ئەمین، ١٩٩٩، ١٢٠). جگە لەوەش دەیویست پیشانی عێراق و جیهانی بدات، کە هەموو عێراقییەکان لە دژی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئێرانن (عوسمان، ١٣/ ١/ ٢٠٢٢).

لە کۆتاییدا گرنگە چەند پرسێک بخرێتە ڕوو. بۆ نموونە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ڕێکخراو نەبوو، ئێران مکوڕ بوو، کە لە ژێر هەژموونی ئەودا بن و هەوڵی دەدا بە جۆرێک بن، کە لە دوای ڕووخانی بەعسیش، ئەوئۆپۆزسیۆنانە دەسەڵات وەربگرن، کە ئەو پشتگیرییان دەکات، بەهۆی زۆر بوونی دیلی عێراقییەکان لە ماوەی جەنگەکە لەلایەک، بۆ سوود وەرگرتنیش لەو پەنابەرە زۆرەی عێراقییەکان لەو وڵاتە، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و باڵی سەربازییەکەی ، کە فەیلەقی بەدر بوو، درووست کرد (بونین، ٢٠١٣، ٨٨).

لە ماوەی جەنگەکە دا بە هۆی ئەوەی هەردوو سەرکردەی دیاری کورد جەلال تاڵەبانی و مسعود بارزانی لەگەڵ خومەینی هاوپەیمان بوون، ڕژێم زۆر زیاتر ڕەوشی کوردانی بەرتەسکتر کردەوە (صاغیة، ٢٠٠٣، ١٠١). زیانی زۆری بۆ کورد هەبوو، بە تایبەت لە ساڵانی ١٩٨٦ – ١٩٨٨ بووە هۆی خستنەوەی کارەسات بەسەر کوردان، لەم بارەوە مەحمود عوسمان دەڵێت: "نزیک بوون و چوونی کوردم بۆ کۆنگرەی سەرخستنی گەلی عێراق پێباش نەبوو، نزیک بوونەوەی کورد لە ئێران لە زیان زیاتری بە دواوە نەبوو و لە هەمانکاتدا زیاتر بەعسی توورە کرد و ڕق ئەستوورتر بوو لە بەرامبەر کورد ، تا ئەوەی هەڵسا بە تاوانی ئەنفالکردن و ڕاگواستنی کوردان بۆ ئۆردوگا زورە ملییەکان و کیمیابارانی چەندین ناوچەی نیشتەجێی کوردان (عوسمان، ١٣/ ١/ ٢٠٢٢).هەروەها دەڵێت: "ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق

مەیلیـــان بەلای ئێـــرانەوە هەبـــوو و لە جەنگیشـــدا لە دژی ڕژێـــم و لە بەرژەوەندیی ئێران شەڕیان کردووە، بەڵام پارتی بانگەوازی ئیسلامی کەمتر لای ئێرانییەکان پەسەندکراو بوون و کەمتر پشتگیرییان دەکردن هەر بۆیەش بارەگاکانیان لە سوریا بوو (عوسمان، چاوپێکەوتن، ١٣/ ١/ ٢٠٢٢). هەندێک مەفرەزەی بچووک(خفیف)یشیان لە هەندێک ناوچەی کوردستان هەبووە" (عەبدولخالق، ٣/ ٩/ ٢٠٢٢؛ ڕابەر، ٩/ ٩/ ٢٠٢٢).

پاســداران بە هاریکــاری لەگەڵ پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان ئۆپەراسیۆنی (فەتحی سێ) ،لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ لە ناو خاکی عێراقدا ئەنجام دەدەن (ڕاپەڕین، ١٩٦، ٥). لایەنە کوردییەکانی نزیک لە وڵاتــی ئێرانــی ئەو کــات، بە زۆر دڵســۆزانە لە خــزمەت ویســت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتی ئێران بوونە. هەروەک: محەمەد بەرزنجی لە بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی کوردستان لە بەیانێکیدا دەڵێت: "داوا لە گشت دڵسۆزێکی شۆڕشی قورئان دەکەم، کە هەرچی لە توانایاندا هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەری موسوڵمانی عێراق و بۆ جیهاد بچنە نێو ڕیزەکانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بۆ ڕزگــارکردنی عێــراق و پــوچەڵکردنەوەی هەر پلانێکــی ئیمپریــالیزم" (کۆمەڵێک توێژەر و نووسەر، ٢٠١٩، ١٩٨).

جێی ئاماژە پێکردنە، ئێران زۆر لە پشت هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بووە و بە زۆر ڕێگەی جیاواز لە پشتیان بووە و پاڵپشتیی کردوون. بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێت، کە ئێران بەرژەوەندی هەبوو لە دروســتکردنی پەیوەنــدی و هاریکــاری لەگەڵ هێــزە کوردییەکــان، هەروەک مەبەستی بووە لە دژی حکومەتی عێراق بەکاریان بهێنێت و لەگەڵ پێکهاتەی شیعە بیکات بە زۆرینەیەکی ئاوا، توانای پێکهاتەی سونی کەم بکەنەوە (عەلی، ٩/ ٨/ ٢٠٢٢). لە هەمانکاتدا مەرجیشی بۆ ئەوە هەبووە، لەگەڵ دەسپێکردنی شەڕیش لەگەڵ عێراق بێ جیاوازی

بیر و ئایدۆلۆژیا، یارمەتی هەموو لایەنە کوردییەکانی داوە، ئەویش بۆ ئەوە بووە، کە سوود لە توانای کوردەکان لە بەرەکانی جەنگ و شارەزاییان لە ناوچەکانی کوردستان وەربگرێت، مەرجەکەشی ئەوە بووە، کە تێبینی و بەدواداچوونی ڕادەی ئەو پابەندییەی دەکرد، کە لە هێزە کوردییەکانی چاوەڕێ دەکرد (ڕەشید، ٢٠٢٠، ٢٢٩). وێڕای ئەوەی ڕادەی یارمەتییەکانی ئێران بۆ کورد تا ئاستێک بووە، نەتوانن لە داهاتوو دا ببێتە گرفت بۆی (بایز، ٢١/ ٨/ ٢٠٢٢).

هەندێک لە سەرچاوەکان ڕۆڵی ئێران لە پەیوەندییەکانی کورد و شیعەدا بە کاریگەر نابینن، بەڵکو پێیان وایە خودی کورد و شیعە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەر باش بووە. هەروەک یاسین ڕەئووف ئاماژە بەوە دەکات، شیعەکان ڕێژەی زۆریان لە کاتی هەڵاتنیان لە دەستی ڕژێمی بەعس سەرەتا لە ڕێگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە لە بەغدا بۆ کەرکوک و لە کەرکوک بۆ سلێمانی، لە سلێمانیشەوە بۆ سەرگەلو و یا دۆڵی بالیسان یا دۆڵی شێێ و دواتر بۆ ئێران ڕایان کردووە، ئەوەش ناشارێتەوە، کە ئێران هاریکاری هەردوو لایەنی کورد و شیعەی کردووە و ئاگاداری کۆبوونەوەکانیش بووە، کە لە نێوانی سەرکردایەتی کوردی ئەو کات و سەرکردە شیعییەکان کراوە (ڕەئوف، ١٠/ ٩/ ٢٠٢٢).

سەرچاوەی دیکەش ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئێران ڕۆڵی هەبووە لەوەی کەسایەتی یا هێزە کوردی و شیعییەکان لە یەک نزیک بکاتەوە، بۆ ئەمە چەندین ڕێوشوێنی گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی هەل بۆ ئەو دوو لایەنە برەخسێنێت لە پەیوەندی و هاوپەیمانی و کاری هاوبەشدا بن. لەم بارەوە شوان ڕابەر دەڵێت: "ئێران ڕۆڵی زۆری هەبووە لە دروست کردن و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان لایەنە کوردییەکان و شیعەکان، هەروەک بەستنی کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ڕۆڵێکی گەورەیان

گێڕا لەم نزیک بوونەوانە، دیارە، کە ئێران خۆی زۆر سوودمەند بووە لەو نزیک بوونەوانە (ڕابەر، ٩/ ٩/ ٢٠٢٢). هەروەک مەسعود بارزانی ئاماژە بەوە دەکات، کە لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٨٧ خۆی و ئیدریس بارزانی برای لە ماڵی داریۆش فروهەر کۆدەبنەوە و هەر دوای دوو ڕۆژ چاویان بە (مەهدی حەکیم) دەکەوێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ ڕەوشی ناوچەکە کردووە و باسیان لە پەیوەندییەکانی هەردوولا کردووە (بارزانی، ٢٠٢١، ٤٤٤). دووبارە دوای دوو ڕۆژی تر مسعود بارزانی چاوی بە (باقر حەکیم) دەکەوێت و باسی بارودۆخی عێراقیان کردووە و بەلێنی هاریکارییان بۆ یەکتر دووپات کردۆتەوە و مسعود بارزانی ئامادەیی دەربڕیوە لەوەی ئاسانکاری بکەن بۆیان لە ئەنجامدانی چالاکی سەربازی لە عێراق (نێروەیی، ٢٠٠٨، ٤٦٨). لەم بارەوە سەعدی ئەحمەد پیرە پێی وایە " وڵاتی ئێران ڕاستەوخۆ نەیگوتووە هاریکاری لە نێوان کورد و شیعە دا هەبێت، بەڵام لەسەر بنەمای دوژمنی دوژمنم دۆستمە، ئەو هاریکارییانە دروست دەبوون" (پیرە، چاوپێکەوتن، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢).

ئەگەرچی وڵاتی لیبیا لە ساڵی ١٩٨٣، بە تەواوی دەستبەرداری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی دەبێت و تا دەگاتە ئەوەی زۆربەیان لە وڵاتەکەی بەدەر دەنێت، بەڵام جارێکی تر و لە ساڵی ١٩٨٦، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لە کۆنگرەیەکی کۆڵنەدانی جیهانی (المثابة العالمیة) کۆ دەبنەوە و (٣٢٠) کەسایەتی و لایەن لە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی بەشدار دەبن، کە خۆی لە خۆی دا زیاتر خۆی لە کورد و شیعە دەبینییەوە.

پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان ئێران و لایەنە کوردییەکان هەر بەردەوامیی هەبووە و چەندین چالاکیی هاوبەشیان ئەنجام داوە. هەروەک سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەسەر داوای

(قەرارگەی رەمەزان)، لە ١٦ی شـوباتی ١٩٨٦ شـاندێکی پـارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنی قەرارگە لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق کۆدەبنەوە، دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، چەند خاڵێک ڕاسپاردە کرا لەوانە: تەقاندنەوەی هێڵی نەوت، بەرفراوانکردنی ناوچەکانی چالاکیی سەربازی و کۆنترۆلکردنی ناوچەی زیاتر (بارزانی، ٢٠٢١، ٤٣٥).

دوای کۆتاییهاتنی پەیوەندی و دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردسان و عێراق. لەسەر داوای ئێران هێزێکی هاوبەشی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سوپای پاسداران و ئیتلاعات (رەئوف، ١٠/ ٩/ ٢٠٢٢). لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ دا نەخشە و چالاکیی سەربازیی هاوبەشیان دارشت، لە چالاکییەکە دا ژمارەیەکی ئێجگار زۆری پێشمەرگەی سەر بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و دەیان کەس لە پاسدارانی ئێران بەشدار دەبن و لە سێ قۆڵەوە بە کاتیۆشا و هاوەنی ١٢٠ی و بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بۆردومانی بیرە نەفتییەکانی دەوروبەری شاری کەرکوک دەکەن (کۆچیرا، ٢٠١٣، ١٠٧). لەم بارەوە سەعدی ئەحمەد پیرە دەڵێت: "ئەو ئۆپراسیۆنە هاوبەشەی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و ئێران بۆ داگیرکردنی بیرە نەوتییەکان نەبووە، بەڵکو تەنها بۆ ئەوە بووە، کە ڕژێمی بەعس بۆی دەربکەوێت، کە ئێمە دەستمان درێژە بۆ هەر شوێنێکی عێراق بمانەوێت"(پیرە، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢). ئەرسەلان بایز دەڵێت: "لە هێرشەکەی کەرکوک دا، هەریەکە لە هێزی کوردی، فەیلەقی بەدر و ئێرانییەکانیش بەشدارییان کردووە (بایز، ٢١/ ٨/ ٢٠٢٢). عەبدول مەوهەیمەن بارزانیش دەڵێت: "پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و لایەنە شیعییەکان و پاسدار بەشداری تەقاندنەوەی ئەو بیرە نەوتییانە بوونە (بارزانی، ٢١/ ٨/ ٢٠٢٢). بەڵام فازل ڕەئووف ڕەتی دەکاتەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریی ئەو ئۆپەراسیۆنەی کردبێت (رەئوف،

١٠/ ٩/ ٢٠٢٢). هەروەها شوان ڕابەر دەڵێت: "لەو ئۆپراسیۆنە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سوپای پاسداران بە دیاریکراوی ناویان دێت، بەڵام دەکرێت لایەنی دیکەش بەشدار بووبن، لەبەر هۆکاری تایبەت ناوهێنانیان کپ کرابێت، بە تایبەت لایەنە شیعیەکان (ڕابەر، چاوپێکەوتن، ٩/ ٩/ ٢٠٢٢). هەر دوای ئەم چالاکییە ناوچەی سەنگاویش، کە بە شوێنێکی گرنگ دادەنرێت لەبەر نزیکیی لە شاری کەرکوک، لەلایەن هاوپەیمانە کوردەکانی عێراق لەگەڵ ئێران کۆنترۆڵ دەکرێت، کە ئێران بە شۆڕشگێڕ ناوی بردوون (كيهان العربي، ١٩٨٦، ١).

هەروەک ئاماژە بەوە دەکرێت، کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٧ دیدارێکی نهێنی بە نێوەندگیریی وڵاتی ئوردن لە نێوان هەریەکە لە سەدام حسین سەرۆکی کۆماری عێراق و حافز ئەسەد سەرۆکی کۆماری سوریا دا ئەنجام دراوە، لە دیدارەکە دا یەکێک لەو پرسە گرنگانەی باس کراوە بریتی بووە لەوەی سوریا لە جەنگی عێراق - ئێران دا بێلایەنی هەڵبژێرێت و پاڵپشتیی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ڕابگرێت لە بەرامبەر دا عێراقیش یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی سوریا ڕادەگرێت، هەر ئەو دیدارەش وای کردووە، ئەو کۆنگرەیەی بڕیاربووە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە سوریا ببەستێت، ڕەتکراوەتەوە (علي، ٢٠١٣، ٢٨٠).

## ئەنجام

پەیوەندییەکانی کورد و شیعە، پەیوەندییەکی مێژوویی و لەمێژینەی هەبووە، کە دەتوانرێ بگوترێ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١، لە سەردەمی مەرجەعییەتی موحسین حەکیم پەیوەندییەکان زیاتر بەرەوپێش چووە، بەڵام ئەو پەیوەندییەش هێندەی ئاینی و کۆمەڵایەتی بووە، سیاسی نەبووە. جێی باسە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی جەنگی عێراق - ئێران، ئەو پەیوەندییانە زۆر زیاتر پەرە دەسەنن و بواری سیاسیش لەخۆدەگرێت.

هەروەک کاتێک ئەنجوومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق دادەمەزرێت، لە یەکەم بەیانی دامەزراندنیدا، هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد دەردەبڕێت و باس لە بێبەشی و مەینەتییەکانی کورد دەکات، بنەماکانی ئیسلامیش دەکەن بە گەرەنتیی دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد. شایەنی باسە، هەر لەو ماوەی توێژینەوەدا، چەند کۆنگرەیەک بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەستراوە، دیارترینیان کۆنگرەی سەرخستنی گەلانی عێراق بووە. لەلایەکی تا ڕادەیەکی باش سەرکردە سیاسییەکان بۆچوونیان بەرامبەر بە کورد گۆڕاوە.

لەڕووی سەربازیشەوە، لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی سەربازی لە نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لایەنە شیعییەکاندا بەرچاو ناکەوێ، بەڵام لێرە و لەوێ پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەبووە، چونکە بەشێک لە لایەنە شیعییەکان بە تایبەت پارتی بانگەوازی ئیسلامی و ئەنجوومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، هاوتا لەگەڵ هێز و لایەنە کوردییەکان لە دژی ڕژێم لە شەڕدا بوونە، هەروەها بەڵگەنامە ئەمنییەکانی ڕژێمیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە پارتی بانگەوازی ئیسلامی هاوشان لەگەڵ هێز و لایەنە کوردییەکان لە ناوچەکانی کوردستان سەنگەریان لە ڕژێمی بەعس گرتووە و چالاکیی هاوبەشیشیان ئەنجام داوە، ئەمە وێرای ئەوەی هەندێک جار چەند هێز و گرووپێکی سەربە ئەنجوومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامیش بە ناوی فەیلەقی بەدر لە کوردستان بەدی کراون. چاوپێکەوتنەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەردوو پارتی سەرەکیی شیعە، کە خۆی پارتی بانگەواز و ئەنجوومەن دەبینییەوە، تەرکیزی چالاکییە سەربازییەکانیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بووە، بەڵام چەندین چالاکی و هاریکاریی لۆجەستیشیان لەگەڵ یەکتر هەبووە.

سەبارەت بە ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی، کە زیاتر خۆی لە ئێران، سوریا و لیبیا دەبینێتەوە، بەردەوام لەو ماوەیەدا پشتگیری خۆیان بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دووپات کردۆتەوە و تا ئەو جێیەی بەرژەوەندییەکانیان خواستوویەتی، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە تایبەت کورد و شیعە، جموجۆڵی سیاسی کاریگەریشیان ئەنجام داوە، تا ڕادەی چەندین لایەن لەو وڵاتانە و بە چاودێری و چاوساخیی ئەوان دامەزراون، جێی ئاماژەیە پەیوەندیی بزووتنەوەی کوردی وڵاتی ئێران بۆ شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە.

بەشێک لە بەڵگەنامەکان ئاماژە بە ڕۆڵی سەربازیی لایەنە کوردی و شیعییەکان دەکەن، لە سەرکەوتنی بەشێک لەو هێرش و شەڕە توندانەی لە نێوان وڵاتی عێراق و ئێران ڕووی داوە، ئەو لایەنە ئۆپۆزسیۆنانە زۆرجار شەڕەکانیان لە بەرژەوەندیی ئێران یەکلاکردۆتەوە و تەنانەت لە ناوچەکانی کوردستان زۆر جار هەبووە بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتی ئێران هێرشیان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی عێراق ئەنجام داوە، یا کۆنترۆڵی بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی کوردستانیان کردووە لە چنگی هێزەکانی سەربە سوپای عێراقیان دەرهێناون.

**پەراوێز:**

[١] حیزبولّای کوردی: پارتیەکی سیاسییە کە لەساڵی ١٩٨٣ لە ئێران بە سەرۆکایەتی شێخ محمد خالید بارزانی و لەسەر داوا و بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق دروستکراوە، پاشان لە سالی ١٩٨٨ ئەدهەم بارزانی لە نێو ئەو گروپە و لە ژێر دەسەلاتی شێخ محمد خالید بارزانی، حزبوڵلای شۆڕشگێری کوردی دامەزراند، ئەم گروپە ڕۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی بە ناوی ڕووناکییەوە دەردەکرد (https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/ حیزبوڵلای_کورد_(ئێران)

[٢] بەرەی جود: بەرەی نیشتیمانی دیموکراسی عێراقی (الجبهة الديمقراطية العراقية)،

لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لە هەریەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی) دامەزرا، ئەمەش وەک کاردانەوە بەرامبەر بە بەرەی جوقد، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: سروە قادر ئیسماعیل، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان، توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٠، ل ٢٨.

## سەرچاوەکان

### بەڵگەنامەکان

### بەڵگەنامەکان بە زمانی عەرەبی

– الجبهة الوطنية الديموقراطية العراقية "جود"(١٧–نيسان–١٩٨٧)، بيان حول جريمة استخدام الاسلحة الكيمياوية و حملة التهجير الجديدة في المناطق المحررة.
– مكتب السيد مهدى الحكيم (٥–٠٢–١٩٨٧)،الرساله السيد المهدى الحكيم للإدريس بارزانى
– رسالة ادريس بارزانى للسيد مهدى الحكيم (١٩–١٠–١٩٨٠)
– مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (٣١–٣–١٩٨٧)، استخدام العتاد الخاص العدد ٧٣٧١ ص ١)
– مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (٦–٤–١٩٨٧)، استخدام العتاد الخاص، المعاونيه الاول–ش٣–ق٢.
– حزب البعث العربى الاشتراكى، القطر العراقى، مكتب التنظيم الشمال قياده فرع دهوک (٩–٤–١٩٨٧)، القرى المحضورة، العدد ٣٥/٨
– برقيه السرية و فورية الى امن اربيل ش٣ من امن شقلاوة (٢٣–٠٤–١٩٨٧) العدد ٥٦٦٠
– دعوة المجلس الاعلى الثورة الاسلامية فى العراق الى منظمة الحقوق الانسان فى العراق (٧–٥–١٩٨٧).
– حزب البعث العربى الاشتراكى قيادة فرع نينوى (٢–٠٤–١٩٨٧)، مقترحات للقضاء على التخريب فى المحافظة نينوى و المنطقة الشمالية، ١٣٩٦/٣٧
– مديرية امن شقلاوه (١٤–١٢–١٩٨٧)، تويجيهات الى كافة ضباط امن المناطق، عدد ش٣، ١٠٩٠٨.
– الجريدة النهضة، عمليات الاخوه المجاهدين الاكراد المسلمين، (٢٨–٠٣–١٩٨٦)"،

العدد ٦.
– مديرى
– ه الامن شقلاوه (٣١-١٢-١٩٨٧)، معلومات الى كافة امن المناطق، العدد ش٣-١١٤٠٤.
– حزب البعث العربى الاشتراكى، القطر العراقى، قياده الشعبة اربيل، (٢٥-٠٣-١٩٨٣)، تقرير الى قيادة الشعبة اربيل، العدد ٤٠٨/٢٨

**نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بە کوردی:**

- سمايل، سروە قادر (٢٠١٠)، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستانی عێراق: ١٩٨٠ – ١٩٩٠، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی مێژوو، کۆیە.
- محەمەدئەمین، فاروق محەمەد (٢٠٠٤)، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥ – ١٩٨٩، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێ نوێ، سلێمانی.

**نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بە عەرەبی:**

- العامري، عبد الرحيم عبيد سالم(٢٠١٩)، نشاط المعارضة الاسلامية الشيعية العراقية: ١٩٨٠ – ٢٠٠٣، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة ذي قار، كلية التربية للعلوم الانسانية.
- علي، فاخير عبد الرحمن(٢٠١٣)، الدول العربية والحرب العراقية الايرانية (١٩٨٠-١٩٨٨)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الدول العربية، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة.
- نورة عمرون والحملاوي شبابحة (٢٠١٧)، المسألة الكردية في العراق في ظل الصراع الاقليمي (الحرب العراقية الايرانية انموئجا): ١٩٨٠ – ١٩٨٨، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد بو ضياف- المسيلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.

**کتێبەکان بە زمانی کوردی**

- ئەمین، نەوشێروان مستەفا(١٩٩٩)، خولانەوە لە نێو بازنەدا: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق: ١٩٨٤-١٩٨٨، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان.
- ئەندرسن، لیام و ستاتسفیلد، کاریث(٢٠٠٨)، ئاییندەی عێراق: دیکتاتۆری

دیموکراتی یا دابەشبوون، وەرگێران: کامیار سابیر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- ئینتیسار، نادر(٢٠٠٣)، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، وەرگێران: عەتا قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی فاتح، سلێمانی.
- بارزانی، مسعود(٢٠٢١)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد: ١٩٧٥ – ١٩٩١، بەشی یەکەم، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
- بارزانی، مسعود، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد: ١٩٧٥ - ١٩٩١، بەشی دووەم، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
- تەها، بارزانی مەلا(٢٠١٩)، ئایین و مەزهەب لە کێشمەکێشی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا دا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- دزەیی، محسین(٢٠٠٩)، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، وەرگێران؛ ئیسماعیل بە رزنجی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ڕەشید، سەلاح (٢٠٢٠)، شەڕی ناوەخۆیی کورد بۆچی سەری هەڵدا و چۆن گەشەی کرد سەرەنجام، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.
- سیوەیلی، ئیدریس(٢٠٠٦)، ڕەوتی ئیسلامی لە باشوری کوردستان ١٩٤٦-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- سەنگاوی، محمود(٢٠٠٥)، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- صدیق، دلاوەر محمد(٢٠١٧)، ڕۆلی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کورستان ١٩٧٦ – ١٩٩١، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، هەولێر.
- کرمانج، شێرکۆ(٢٠١٧)، شوناسی عێراق: ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- کۆچیرا، کریس (٢٠١٣)، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، وەرگێرانی: حەسەن ڕەستگار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- کۆمەڵێک توێژەر و نووسەر (٢٠١٩)، نیو سەدە تێکۆشانی زانایانی بە حیکمەت و سیاسەتمەداری بێدار مامۆستا محەمەد بەرزنجی، چاپی یەکەم.
- محمد، کاروان جوهر (٢٠١٧)، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤ – ١٩٨٧: ژیانی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- نەبەز، جەمال(٢٠٠٨)، ئێستا و پاشەڕۆژی کورد، چاپی دووەم، هەولێر.

- نێروەیی، عەلی تەتەر (٢٠٠٨)، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق – ئێران لە ١٩٨٠ – ١٩٨٨، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر.

**کتێبەکان بە زمانی عەرەبی**

- ابو غزالة، المشير عبد الحليم(١٩٩٤)، الحرب العراقية الايرانية: ١٩٨٠ – ١٩٨٨.
- الاسدي، عبير خير الله قاسم(٢٠٢٠)، العلامة السيد محمد بحر العلوم: الاهوار انموذجا، العارف للمطبوعات، بيروت.
- الجبوري، رعد(٢٠١٩)، قبسات من تاريخ العراق السياسي: المرجعية، الاحزاب والحركات الدينية، انكي للنشر والتوزيع، بغداد، العراق.
- الجوادي، علاء(٢٠٢١)، قائد النضال ضد الدكتاتورية: محمد باقر الحكيم، انكي للنشر والتوزيع، بغداد.
- الحسيني، محمد حسام(٢٠١٩)، الاحزاب والحركات الاسلامية العراقية: بين المعارضة والسلطة، آنكي للنشر والتوزيع، بغداد.
- الحطاب، علاء هادي، من المعارضة الى الحكم، تجربة المعارضة العراقية،: ١٩٦٨ – ٢٠٠٣، دار الحكمة، ٢٠١٩، بغداد
- الخرسان، صلاح(٢٠٠١)، التيارات السياسية في كردستان العراق، دار البلاغة للطباعة والنشر، بيروت.
- الخيون، رشيد، (٢٠١١)، ١٠٠ عام من الاسلام السياسي بالعراق، ط ٢، مركز المسبار للدراسات والبحوث، دبي، الامارات العربية المتحدة.
- الشكرجي، ضياء (٢٠١٤)، ربع قرن من عمري مع الاسلام السياسي، الجزء الاول، ط١، دار الحدث، بيروت.
- العامري، عمار ياسر(٢٠٢١)، دراسة في تاريخ العراق المعاصر، ط١، دار انكى للنشر والتوزيع.
- العكيدي، مجول محمد محمود(٢٠٠٨)، الحركة الاسلامية المعاصرة في العراق، دراسة تاريخية، جامعة الموصل، كلية التربية.
- المؤمن، علي (٢٠٠٤)، سنوات الجمر: مسيرة الحركة الاسلامية في العراق: ١٩٥٧ – ١٩٨٦، ط٢، المركز الاسلامي المعاصر، بيروت.
- بحر العلوم، ابراهيم (٢٠٠٧)، العلامة السيد محمد بحر العلوم: محطات في مسيرته العلمية والاجتماعية والسياسية، ط٢، مؤسسة بحر العلوم الخيرية، العارف

للمطبوعات، بيروت، باقر ياسين، قول ما لا يقام عن المعارضة العراقية: وقائع واسرار، دار الكنوز الادبية، ٢٠٠١، بيروت، لبنان.
- بونين، ريتشارد(٢٠١٣)، سهام الليل، رحلة احمد جلبي الطويلة الى النصر في العراق، ترجمة محمد شيا، الطبعة الاولى، دار بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، بيروت، لبنان.
- عبد المجيد، وسيم رفعت(٢٠١٥)، العراق الانقلابي: الانقابات الناجحة والفاشلة في العراق: ١٩٢١ – ٢٠٠٣)، دار الجواهري، بغداد.
- صاغية، حازم (٢٠٠٣)، بعث العراق: سلطة صدام قياما وحطاما، دار الساقي، لندن.
- ويلي، جويس (٢٠١١)، الحركة الاسلامية الشيعية في العراق، ترجمة مصطفى نعمان احمد وهناء خليف غيي، الطبعة الاولى، مطبعة الكتاب، بغداد، العراق.

**سەرچاوەی فارسی**

_مجتبی جعفری(١٣٨٢) دلاوران حاج عمران، طهران.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە کوردی**

- ڕۆژنامەی دەنگوباسی کوردستان، ژمارە ٧٤، ١٦/ ٤/ ١٩٨٢.
- ڕۆژنامەی جیهادی کوردی،بۆجونێکی سەرەتای بۆچارەسەر کردنی گیروگرفت ومەسەلەی کورد، ژمارە (٩٩)، ١٩-٥-١٩٨٦.
- ڕۆژنامەی جیهاد، ژمارە (٢٥٠)، لە ١١/ ٨/ ١٩٨٦ .
- دەنگوباسی کوردستان، چالاکی پێشمەرگە قارەمانەکان، ژمارە (٨٩) لە ٢/ ٨/ ١٩٨٢.
- ڕاپەڕین، نووسینگەی کاروباری کوردان، مەجلس، ژمارە (١٨)، ١٩/ ١٠/ ١٩٨٦.
- ڕاپەڕین، نووسینگەی کاروباری کوردان، مەجلس، ژمارە (١٨)، ١٩/ ١٠/ ١٩٨٦.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە عەرەبی**

- صوت المعارضة، وكالة الانباء العراقية، ايلول ١٩٨٦.
- جريدة الجهاد، صوت الحركة الاسلامي في العراق، العدد ٢٩٠، ٢٥/ ٥/ ١٩٨٧.
- النهضة، العدد (٢)، ٢١/ ١، ١٩٨٦/ ١٣٦٤.
- النهضة، العدد (٦)، ٢٨/ ٣/ ١٩٨٦.
- الشرارة، الجريدة التابعة لاتحاد الوطني الكردستاني، العدد ٢، شباط ١٩٨٥.
- الشرارة، الجريدة التابعة لاتحاد الوطني الكردستاني، العدد ١٢، كانون الاول ١٩٨٥.

- مجلة العراق، مجلة اسبوعية تابعة لمجلس الاعلى للثورة الاسلامية في العراق، العدد ٥٨، ٢١/ ١/ ١٩٩٤.
- اخبار كردستان، ملامح جديدة لأبطال كردستان في شيخان وعقرة، العدد (١٥٢)، كانون الثاني ١٩٨٧.
- كيهان العربي، العدد ٩٦٥، ٢٤/ ١٢/ ١٩٨٦.
- صوت الاكراد، لسان حال اللجنه المركزيه للحزب الديموقراگى الكردى فى سوريا (البارتى)، العدد (٢٥٩) ١٩٩٦/٥

**چاوپێکەوتن**

- بارزانی، عەبدول موهەیمەن، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢.
- بایز، ئەرسەلان، ٢١/ ٨/ ٢٠٢٢.
- پیرە، سەعدی ئەحمەد، ٢٢/ ٨/ ٢٠٢٢.
- حەکیم، عەمار، لە ٢٣/ ١٢/ ٢٠٢١.
- ڕابەر، شوان، ٩/ ٩/ ٢٠٢٢
- رەئوف، فازل، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی، ١٠/ ٩/ ٢٠٢٢.
- عەبدولخالق، مەسعود، ٣/ ٩/ ٢٠٢٢.
- عەلی، نیاز سەعید، پسپۆڕ لە بواری ئیسلامی سیاسی، ٩/ ٨/ ٢٠٢٢.
- عوسمان، مەحمود، ١٣/ ١/ ٢٠٢٢.
- کەریم، ئاسۆ، ١٣/ ٩/ ٢٠٢٢.
- موفتی، عەدنان، ١٧/ ٧/ ٢٠٢٢.

## الملخص

# الحركة القومية الكوردية
# والحركة الشيعية في العراق (١٩٨٢ – ١٩٨٨)

تهدف هذه الدراسة إلى تحديد العلاقات السياسية والعسكرية بين الحركة القومية الكردية وحركة شيعة العراق خلال المدة ١٩٨٢–١٩٨٨ ، استنادا على المصادر التاريخية في رسائل الماجستير وأطروحات الدكتوراه والكتب والوثائق المتاحة ، فضلا عن المقابلات مع أبرز الشخصيات في المجال السياسي. يركز البحث على العلاقات بين مكونين عراقيين رئيسيين، خاصة خلال الفترة ١٩٨٢–١٩٨٨، اللذان لعبا دورا رئيسيا في معارضة نظام البعث خلال عدة مراحل من الحرب العراقية الإيرانية (١٩٨٠–١٩٨٨). وقد عقد خلال هذه المدة أكبر وأول مؤتمر سياسي للمعارضة العراقية بحضور هذين المكونين، بإشراف إيران وبحضور كل من سوريا وليبيا.

يتكون محتوى هذه الدراسة من مقدمة وثلاث مباحث: أولا، العلاقات السياسية والدبلوماسية بين الكرد والشيعة في العراق، وثانيا، العلاقات الأمنية والعسكرية بين الأكراد والشيعة، وثالثا، دور الدول الإقليمية في تعزيز العلاقات بين الكرد والشيعة.

ويمكن القول أن هذه الفترة كانت بداية لتطور العلاقات السياسية بين الكورد والشيعة وبداية علاقات عسكرية بين مكونين تحت إشراف إيران وسوريا.

**الكلمات الدالة:** الاكراد، الشيعة العراقية، المعارضة العراقية

## Abstract


### The Relation between the Kurdish Nationalistic Movement and Shiites Movement in the period between 1982-1988

This study aims to determine the political and military relations between Kurds and Shiites during 1982-1988, based on historical sources in master's theses, doctoral theses, books and available documents, as well as interviews with the most prominent figures directly in the political field at that time. The research focuses on the relations between two major Iraqi communities, especially during the period 1982-1988, which played a major role in the political process of the Ba'ath's Regime and resolving several stages of the Iraq-Iran war 1980-1988 during that period. The largest and first political congress of the Iraqi Opposition was held in the presence of these two communities, under the supervision of Iran and the presence of both Syria and Libya.

The content of this study consists of an introduction and three discussions: first, political and diplomatic relations between Kurds and Shiites in Iraq, second, security and military relations between Kurds and Shiites, and third, the role of regional countries in strengthening Kurdish-Shiite relations.

As a result, it can be said that this period was the beginning of the development of political relations between Kurds and Shiites and the beginning of military relations between the two communities, under the supervision of Iran and Syria.


**Keywords:** Kurds, Iraqi Shiites, Iraqi opposition